National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێک لەبارەی:

# ئاوی خواردنەوە
# کێشە و گرفتەکانی لە گەرمیان

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/6/2020

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 2 |
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| یەکەم: سەرچاوەکانی ئاو لە گەرمیان | 2 |
| دوەم: کێشەکانی ئاو | 6 |
| سێیەم: پاکوخاوێنی و کوالێتی ئاو | 15 |
| چوارەم: هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەری کێشەی ئاو | 20 |
| پێنجەم: پێوەری ئاو | 21 |
| بەشی دوەم | |
| دەرەنجام و ڕاسپاردەکان | 24 |
| بەشی سێیەم | |
| ناساندن | 28 |

## پێشەکی:

ئاو لەو کەرتە زۆر گرنگ و هەستیارانەیە کە دەبێت لەپێشینەی گرنگیپێدانەکانی حکومەتەوە بێت بۆ دابینکردنی بەشێوەیەکی دروست و بێکێشە بۆ هاوڵاتیان.

لە گەرمیاندا ئەم بوارە وەک زۆر بواری تر، کێشە و گرفتی زۆری هەیە، چ لەروی بەرهەمهێنانی ئاو، چ لە روی دابەشکردن و چ لە روی کوالێتی، تادەگاتە چۆنیەتی بەکارهێنانی.

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا، بە وردیی بەدواداچون کراوە لەسەر ئەم کەرتە لەگەرمیان و رەوشەکەی وەک هەیە خراوەتەرو، لەگەڵ ئەوەشدا کێشە و گرفتەکانی بە هۆکار و رەهەندەکانیەوە باس کراوە.

### بەشی یەکەم: راپۆرت

### یەکەم: سەرچاوەکانی ئاو لە گەرمیان

### 1. کەلار

بۆ دابینکردنی ئاوی کەلار، پشت بە دو سەرچاوە دەبەسترێت، ئەوانیش: روباری سیروان و بیرە ئیرتیوازیەکانن.

بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی کەلار، لەوبارەوە دەڵێت: "٦٠٪ گەڕەکەکان ئاوی روباری سیروانیان پێدەدرێت، هەروەها لەرێگەی ٧٨ بیریشەوە ئاوی گەڕەکانی دیکە دابین دەکەین".

ئاوی روباری سیروان پاش ئەوەی دەچێتە پاڵاوگە و بە پرۆسەی پاککردنەوە و شیاندن دا تێدەپەرێت، دابەش دەکرێت.

لە کەلار دو پاڵاوگەی ئاو هەیە، بەڵام پاڵاوگەی دوەمی قەزاکە لەساڵی ١٩٨٢ دروستکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە سودی لێنابینرێت بەهۆی کۆنی و نۆژەننەکردنەوەی.

هەرچی ئەو گەڕەکانەیە کە بە بیری ئیرتیوازی ئاویان پێدەدرێت، ئەوا راستەوخۆ ئاوەکە لە بیرەکەوە پێیاندەدرێت و ناچێتە پاڵاوگەوە.

لە کەلار فۆلمیتەر نیە بۆ پێوانی ئاوی رۆژانە کە دەدرێت بە گەڕەکەکان، بەڵام بەوتەی بەرێوبەری ئاوی کەلار، بۆ هەر کاتژمێرێک ٦٠ مەتر دوجا ئاو دەردەهێنرێت لەبیرەکان کە دەکاتە ١٠٠٠ لیتر ئاو.

سامان رەحیم، وتی: "بۆ هەر هاوڵاتیەک زیاتر لە ٣٥٠ لیتر ئاومان دیاریکردوە لە قەزاکە". هەروەک بە پێی ستانداردی جیهانی پێدانی ئاو بە ٢٢٠ لیتر ئاو دیاریکراوە بۆ هەر کەسێک.

کەلار دو حەوزی ئاوی تێدایە بۆ سەرچاوەی ئاوی روباری سیروان، ئەوانیش بە بڕی ٣٠٠٠ مەتر و ١٨٠٠ مەتر ئاو هەڵدەگرن و ناتوانرێت بە بڕی پێویستی گەڕەکەکان ئاوی تێدا کۆگا بکرێت، بەوتەی بەڕێوبەری ئاوی کەلار، ئەو خەزانانە تەنها بەشی چەند گەڕەکێک دەتوانرێت ئاوی تێدا کۆگا بکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە قەزاکە ٣٢ گەڕەک لە خۆدەگرێت.







**چەند دیمەنێک لە حەوز و پاڵاوگە و ڕێرەوەی ئاوی روباری سیروان کە ئاوەکەی دابەشدەکرێت بەسەر ماڵان لە کەلار**

تاوەکو ئێستا خەزانی ئاو لە قەزای کەلار نیە، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاو بە گرنگی دەزانێت کە چەند خەزانێکی ئاو لە قەزاکەدا هەبێت، بەڵام نیانە!

بۆ کاتی دابەشکردنی ئاو لە کەلار پشت بە کاتی کارەبای نیشتمانی بەستراوە، چونکە لە کاتی نەبونی کارەبای نیشتیمانی بیرەکان ناتوانن بە کارەبای مۆلیدە ئەو بڕە تەواوەی ئاو دابینبکەن، بەهۆی خەرجکردنی بڕێکی زۆری گاز.

سامان ڕەحیم، دەڵێت: کاتی کارەبا و خواستی هاوڵاتیان کاتی بەیانیانە و بەزۆریش ئەو کاتە ئاو دەدەین بەماڵان.




**گرافیکێک لەسەر سەرچاوەی ئاوی قەزای کەلار و بڕی پێدانی ڕۆژانەی ئاو بە تاک**

## 2. کفری

لە قەزای کفری بۆ دابینکردنی ئاو، پشت بە 2 سەرچاوە دەبەسترێت، یەکەمیان پرۆژەی ئاوی خورماتو، دوەمیشیان بیری ئیرتیوازی.

تا ئێستا نازانرێت ڕۆژانە لەڕێگەی پرۆژەی ئاوی خورماتووەوە چەند هەزار لیتر ئاو دەگاتە قەزاکە.


لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی کفری دەڵێت ئەو ئاوەی لە دوزخورماتووەوەدێت بۆ قەزاکە بڕەکەی دیاری کراو نیە و نازانن چەند لیترە، بەڵام ئەوەی ڕونە کە ئاوی ٣ گەڕەکی قەزاکەی پێ دابین دەکەن.

وەک بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزاکە ئاماژەی بۆدا، زیاتر لەو پرۆژەیە، پشت بە بیری ئیرتیوازیی دەبەسترێت.

حەمید رەشید، وتی: 35 بیری ئیرتیوازی لە قەزاکەدا هەیە، لەو رێگەیەوە ئاوی بەشی زۆری گەڕەکەکان دابین دەکرێت.

لە بارەی ئەو بڕە ئاوەی دەدرێت بە ماڵان لە رۆژێکدا، حەمید رەشید، دەڵێت: بە پێی کاژمێر ئاو دەدەین کە کەمتر نیە لە ٢ کاتژمێر و نیو.

دەشڵێت: بۆ هەرتاکێکی قەزاکە بۆ هەر رۆژێک بڕی ٤٥٠ لیتر ئاویان پێدەدرێت.




**گرافیکێک لەسەر سەرچاوەی ئاوی قەزای کفری و بڕی پێدانی رۆژانەی ئاو بە تاک**

## 3. ناحیەکان و گوندەکان

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان باس لەوە دەکات سەرچاوەکانی ئاوی ناحیە و گوندەکان بیری ئیرتوازی و روباری سیروانە لەگەڵ کانیەکان.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان بۆ ساڵی 2020_2021 سەرچاوەکانی ئاو لە ناحیەکان بەمشێوەیەن:

| ناحیە | سەرچاوەی رووبار | سەرچاوەی بیر | هی تر |
|---|---|---|---|
| رزگاریی | نیەتی | هەیەتی | |
| باوەنور | هەیەتی | هەیەتی | |
| مەیدان | نیەتی | هەیەتی | |
| قۆرەتو | نیەتی | هەیەتی | |
| کۆکس | نیەتی | هەیەتی | |
| سەرقەڵا | نیەتی | هەیەتی | |
| ئاوەسپی | هەیەتی | نیەتی | |
| زینانە | نیەتی | هەیەتی | |
| جەبارە | نیەتی | هەیەتی | |
| شێخ تەویل | نیەتی | هەیەتی | |

## دوەم: کێشەکانی ئاو

### 1. کێشەی بۆڕیەکانی گەیاندنی ئاو

یەکێک لە گرفتەکانی کواڵیتی ئاو لە کوردستان و گەرمیان، نەبونی ئاوە لە سیستمی دابەشکردنی ئاو (بۆڕیەکان)دا بە بەردەوامی.

عەبدولمتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بەرێوبردنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو، لەبارەی ئەمەوە وتی: "نەبونی ئاو لە بۆڕیدا بە بەردەوامی ئەبێتە هۆی رەخساندنی هەلومەرجێکی باش و گونجاو بۆ گەشەکردنی قەوزە (ڕەنگە لە جۆرە زیان بەخشەکەی بێت) و بەکتریا و چەندین جۆری زیندەوەری تر، لەکاتی هاتنی ئاودا ئەو هەمو زیندەوەرانە پاڵ دەنرێنە دەرەوەی سیستمەکە".

دەشڵێت: "پێویستە لە کاتی هاتنی ئاودا چەند دەقەیەک ئەو ئاوە بڕوات و خەزن نەکرێت، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لەو هەمو مادە و زیندەوەرە زیانبەخشانە".

عەبدولمتەڵیب ڕەفعەت، مامۆستای زانکۆ هێمای بۆ ئەوە دەکات: گرفتێکی تر لە هەمو گەرمیان ئەوەیە هەندێک لە سیستمەکانی دابەشکردنی ئاو (بۆڕی) زۆر کۆنن یا بە کەڵک نەماون یاخود تازەن و کوالێتیان زۆر خراپە، ئەمانە بونەتە هۆکارێک بۆ تێکچونی کوالێتی ئاو لە هەندێک ناوچە.

گرفتی کۆنی بۆڕی بەرۆکی پێنج گەڕەکی قەزای کەلاری گرتوە، ئەوانیش گەڕەکەکانی: (ڕاپەڕین، شۆڕشی یەک، شۆڕشی دو، بنگرد و شێروانە)ن.

سامان ڕەحیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کەلار، دەڵێت: تۆڕی ئاوی ئەو گەڕەکانە زۆر زۆر کۆنن، نوسراو و دەرخستەمان بەرزکردوەتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠ نۆژەنکردنەوەیان بۆ بکەین، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە، ئەمەش وایکردوە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ بچێت و کارمەندەکانمان بەردەوام لە سیانەکردن دابن.

لە هەمان کاتدا، نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، وتی: " بۆ ماوەی 20 ساڵە چەند گەڕەکێکمان هەیە لە ڕزگاری و لە بناری بەمۆ گرفتی خراپی بۆڕی ئاویان هەیە، جۆرێک بۆڕی دانراوە کە زو توشی ژەنگ دەبێت، ئەمەش پێویستی بە گۆڕین هەیە، پێشتر خۆمان بۆڕیمان هەبو بە بەردەوامی دەمانگۆڕی، بەڵام لەوەتەی قەیرانی دارایی هاتوە بۆ ماوەی 5 ساڵە هیچ بڕە بۆڕییەک دابین نەکراوە، تەنانەت لە قەزای کفریش هەمانە و پێویستی بە گۆڕین هەیە".

## 2. کێشەی سوێریی ئاو

لەقەزای کفری گرفتی سەرەکی ئاوی ماڵان، سوێرێکەیەتی، بەشێوەیەک دانیشتوانی قەزاکەی هەراسان کردوە و دەڵێن گورچیلەکانمان خراپ بوە بەهۆی ئاوە سوێرەکەیەوە.

شەنگە سابیر، دانیشتوی قەزای کفریە، دەڵێت: ئاوی قەزای کفری بەگشتی سوێرە، بەڵام ئاوێکمان هەیە لە دوزخورماتوە دێت ئەوە شیرینە، ئەگەرچی ماوەیەکە ئەو ئاوەمان بۆ نەهاتوە.

بەپێی ئەو شیکاریانەی بۆ ئاوی قەزای کفری کراوە، ڕێژەی سوێریەکەی زۆر بەرزە.

کازم عەلی، یاریدەدەری تاقیگە، ماوەی چەندین ساڵە لە تاقیگەی تایبەتی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان بۆ پشکنینی ئاو، کاردەکات. لەبارەی ئاوی کفریەوە، وتی: "ئاوی کفری ڕێژەی کلس و سوێری تێدا بەرزە، بەشێوەیەک ڕێژەکە لە ٥٠٠ نزیک بوەتەوە کە ئەوە ستانداردی سوێریە و نابێت تێپەڕێت لەو ژمارەیە".

حەمید رەشید، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی قەزاکە، ئەمە بە گرفتێکی گەورەی ئاو دەزانێت کە تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، چەند هەوڵێکیشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە خستۆتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام وەکخۆی دەڵێت: یان وەڵام نەدراوینەتەوە، یاخود قەیرانی دارایی نەیهێشتوە جێبەجێ بکرێن.

### 3. کێشەی ئاوی ناحیەکان (باوەنور بەتاییەتی)

بەوتەی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، لەناحیەکاندا تەنها ناحیەی باوەنور کێشەی زەقی لە ئاودا هەیە.

نەوزاد حەمید، دەڵێت: تاکە گرفتی ئێمە لە ناحیەکان لە روی ئاوی خواردنەوە ناحیەی باوەنورە , ئەگەر نا لە ناحیەکانی تر گرفتێکی ئەوتۆمان نیە.

سەلاح محەمەد، بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: "ساڵی پار تاڕادەیەک گرفتی کەمئاویمان هەبو، بەڵام ئەمساڵ هیچ کێشەیەکمان نیە، چونکە بیرێکی تازەیان بۆ کردوینەوە ئەوەش گرفتی نەبونی کارەبای نیشتمانی هەیە، ئەگەر نا رۆژی ٣٠٠م سێ جا ئاو ئەکرێتە تانکیەکانەوە و بە قوفڵ و بە ٢ بۆ ٣ سەعات دابەش ئەکرێت بەسەر هاوڵاتیان دا".

وتیشی: نە گرفتی بۆڕیمان هەیە و نە سیستەمی دابەشکردنی ئاو، لەگەڵ ئەوەش هەمو مانگێک لە بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان پشکنین بۆ ئاوەکە دەکەین تابزانین شیاوە یان نا.

لەناحیەی رزگارییش، بەوتەی بەڕێوبەری ئاوی ناحیەکە، کێشەیەکی ئەوتۆیان نیە.

کەریم حەمید، بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی ناحیەی رزگاری، وتی: بە گشتی گرفت نیە لە ناحیەی رزگاری، ئەوەی هەیە بیرێکمان ئاوی کەمیکردوە لە گەڕەکی ئاوباریک، ئەویش چارە دەکەین.

دەشڵێت: هیچ گرفتیکمان نیە لە بۆڕی و سیستەمی دابەشکردن، بە قوفڵ ئاو دابەش ئەکەین، گرفتی نەشیاوی ئاومانیش نیە و بە بەردەوامی پشکنینی بۆ دەکەین.

قسەکانی ئەم دو بەڕێوبەرەی ئاوی ناحیەکانی سەرقەڵا و رزگاری، لەلایەن چەند دانیشتویەکی ئەو دو ناحیەوە پشتڕاستکرانەوە، بەوەی کێشەیەکی ئەوتۆیان نیە لە پێدانی ئاو پێیان.

لەبارەی بڕی بەرهەمی ئاو لە ناحیەی رزگاری، بەڕێوبەری ئاوی ناحیەکە دانی بەوەدا نا کە نازانێت چەند لیتر ئاو بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام وەکخۆی وتی: ئێمە بە سەعات ئاو دابەش دەکەین، لە نێوان ١ سەعات بۆ ٢ سەعاتی رۆژانەیە و بەزۆریش لە هاوینان دا کێشەمان زیاتر دەبێت بەتایبەتی کەمئاوی.

ناحیەی باوەنور ماوەی چەندین ساڵە گرفتی پیسبونی ئاوی هەیە، کار گەشتۆتە ئەوەی هاوڵاتیان بە جلیکان و دەبە لە کانی و بیری ماڵانەوە ئاوی خواردنەوە دەستبخەن.

محەمەد سەعید، دانیشتوی ناحیەی باوەنورە و هاوکات چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیە، ئەو ماوەی چەندین ساڵە لەسەر ئەم گرفتەی ناحیەکە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاگەدار کردوەتەوە، باسی لە کوالێتی ئاوی ناحیەکە کرد و وتی: "ئەو ئاوەی دەدرێتە ئێمە لە باوەنور زۆربەی رۆژەکان تەواو لێڵ و بۆندارە ئاوەکە لەسەرچاوەکەیەوە تێکەڵی زێرابی ناحیەکە بوە".

وتیشی: چەند هاوڵاتیەک نمونەیان لە ئاوی ناحیەکە بردە سلێمانی لەوێ فەحسیان کرد، دەرکەوت پیسە و بۆ خواردن نابێت، کەچی لێرە کە لیژنە دێت دەڵێن ئاوەکە شیاوە.

خەڵکی ناحیەکە بۆ ئاوی خواردنەوە ناچارن ئاوی بیری ماڵان یاخود سەرچاوەی کانیاوەکان بەکاربهینن.

باخان عەلی، دانیشتوی ناحیەی باوەنور، دەڵێت: "لە گەڕەکی کوردستانیانین ئێستا تاڕادەیەک باشترە ئاوەکەی، بەڵام ماوەیەک کە ئاو دەهات کەفی دەکرد، بۆیە بۆ خورادنەوە بەکاریناهێنین و بە جلیکان ئاو دەهێنین بۆ خواردنەوە".

لەبەرامبەردا بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، جەخت دەکاتەوە کە ئاوەکە شیاوە و پشکنینی بۆ دەکرێت.

نەوزاد حەمید، وتی: دڵنیایی دەدەین بە هاوڵاتیان کە ئاوەکەیان شیاوی خواردنەوەیە، چونکە بە بەردەوامی پشکنینی بۆ دەکەین، هەر شیکارێکیش کراوە بۆ ئەو ئاوە کە دەڵێت شیاو نیە، با بۆمان بێنن.

بۆ چاککردنی گرفتی ئاو لەو ناحیە، پێویستە پرۆژەیەکی تایبەت جێبەجێ بکرێت، بەڵام قەیران و کێشە داراییەکان، ئەو کارەی پەکخستوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان وتی: "چەند ساڵێکە لە پلانی بەڕێوبەرایەتیمان داماننناوە پرۆژەی ئاو بۆ ناحیەکە بکرێت، تەنانەت چوەتە تەندەرینەوە بە بڕی 7 ملیار دینار، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی کە هەبو جێبەجێ نەکرا".

دەشڵێت: تەنانەت کۆتا جار لەگەڵ بەڕێوبەری ناحیەکە سەردانی وەزیری پلاندانانمان کردوە کە پرۆژەیەکی کاتی هەیە بە بڕی یەک ملیار و نیو بۆیان جێبەجێ بکەین، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەوەش وەستاوە، بەڵام بەردەوامین لە هەوڵدان بۆ چاککردنی.

## 4. گرفتی کەمئاویی

بەڕێوبەری ئاوی کەلار جەخت دەکاتەوە کە هیچ گەڕەکێک لە کەلار گرفتی کەمی ئاویان نیە و لە وەرزەکانیش ئەو گرفتەیان نایەتە پێش، بەڵام لە هاویندا ئەرکیان قورستر دەبێت بۆ دابینکردنی ئاو، دەشڵێت: نەیان هێشتوە هاوڵاتیان بێئاو بن.

لە بارەی گەڕەکی کەلاری نوێشەوە کە گرفتی کەمی ئاویان هەیە، سامان ڕەحیم، هێمای بەوەکرد ئاوی ئەو گەڕەکە ئەوان دابینی ناکەن، چونکە ئەو نەخشەیەی بۆ ئاوی ئەو گەڕەکە بەڕێوبەرایتیەکەیان واژۆی لەسەر کردوە، تۆڕێکی ئاو بوە بەسیستەمێکی نوێ و ٢٤ کاتژمێری، بەڵام وا دروست نەکراوە، نوسراویان بۆ لایەنی پەیوەندیدار کراوە بۆ بونی ئەو کێشەیە کە حساب بۆ بەڕیوبەرایەتی ئاو نەکراوە لەلایەن وەبەرهێنی ئەو پرۆژەوە، بێ وەڵام بون.

وتیشی: بەوهۆیەوە تاوەکو ئێستا کێشەکەیان ماوەتەوە، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە دەتوانن بچنە وەبەرهێنان سکاڵا بکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیان، چونکە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە نیە.

لایەنە پەیوەندیدارەکان بەوتەی بەڕێوبەری ئاو، وەبەرهێنانی گەرمیان و قایمقامیەتی قەزاکەن.

لە کفری، بە وتەی بەڕێوبەری ئاوی ئەو شارە، کێشەی کەمیی ئاویان نیە.

حەمید ڕەشید، وتی: ڕۆژانە هەمو گەڕەکێک ٢ کاتژمێر و نیو ئاویان پێدەدرێت.

وتیشی: بۆ کاتی ئاودان بەماڵانیش کاتەکان بە پێی گونجاوی دەدرێت، سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاویش لە ڕێگەی بیرەوەیە، بۆیە هیچ گەڕەکێکی قەزاکە گرفتی کەمی ئاوی نیە.

بەپێی ئەو بەدواداچونەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی ئەنجامی داوە، لە گەرمیان هەندێک شوێن گرفتی نەمان یاخود کەمئاوی هەیە، بەدیل بۆ ئەمەش ئەوەیە کە بە تانکەر ئاویان بۆ دابین دەکرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیانەوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، وتی: "ئەو شوێنانە زۆر کەمن لە هەندێ لە گوندەکان لە ناحیەی کۆکس و قۆرەتو گرفتی نەمانی ئاومان هەیە، لەوێ کە سەرچاوەکانی ئاو وشک دەبن، بۆ چارەکردنی ئەو گرفتەش بە تانکەر ئاویان بۆ دابین ئەکەین، ئەگەر نا بە گشتی گرفتی کەمی ئاومان نیە".

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان باسی لەوەشکرد: بە ڕێژە وەری بگرین لە 90%ی گەرمیان گرفتی کەمئاوی نیە لە گوندەکان.

بەوتەی خۆیشی، ئەم گرفتەش زیاتر لە وەرزی هاوین دا رو دەدات.

## 5. بەهەدەردانی ئاوی ژێرزەوی

بەوتەی مامۆستایەکی زانکۆ کە بەدواداچونی وردی بۆ پرسی ئاو لە گەرمیان کردوە، زۆرینەی رەهای سەرچاوەی ئەو ئاوەی لەگەرمیان بەکاردەبرێت، بیرە.

عەبدولمتەڵیب رەفعەت، لەوبارەوە وتی: لە گەرمیان بە رێژەی زیاتر لە 90% پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەسترێت.

ئەم داتایە، ئامار و قسەی بەرپرسانی کەرتی دابینکردنی ئاو لە گەرمیان پشتڕاستی دەکاتەوە.

بە وتەی شارەزایان لە کوردستان و بەتایبەتی لە گەرمیان زۆر بێباکانە ئاوی ژێر زەوی بەکاردەهێندرێت بە شێوەیەکی نازانستی.

عەبدولمتەڵیب رەفعەت، ئاماژە بەوەدەکات لە هەمو وڵاتەکان ئاوی ژێر زەوی بە "خەزینی ستراتیژی" دادەنرێت و بەهایەکی زۆر گەورەی هەیە و بە هیچ شێوەیەک بەکارناهێنرێت، چونکە بە موڵکی نەوەی داهاتو دادەنرێت، مەگەر لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا کە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی نەبێت، ئەو کات بەکاری دەهێنن، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی واتا بە شێوە (دەرهێنانی تەناهیکراو safe extraction) و لە روی زانستیەوە تا یەک دڵۆپ ئاوی سەر زەوی مابێت نابێت بە هیچ شێوەیەک دەست ببرێت بۆ ئاوی ژێر زەوی.

له گەرمیان ئەگەرچی هەندێک لە قەزا و ناحیەکانی روبارێک بە تەنیشتیاندا دەڕوات، بەڵام لە تەنیشت روبارەکە هەزارەها بیر لێدراوە چ لەلایەن هاوڵاتیانەوە یا لەلایەن حکومەتەوە.

بە وتەی مامۆستاکەی زانکۆ، بە تەنها لە ناوەندی قەزای کەلار کە گەورەترین روباری ناوچەکەی تێیدا تێپەڕ دەبێت، زیاتر لە 100 بیری ئیرتوازی هەیە کە ئاو دەدات بە گەڕەک و یەکەکانی نێشتەجێبون، ئەمە جگە لەو بیرانەی کە بە شێوەی نایاسایی لێدراون و هەروەها جگە لەو بیرانەی کە لە نێو فەرمانگە و مزگەوتەکان و شوێنە گشتیەکاندا هەیە، سەرباری ئەو بیرانەی کە لە زەوی کشتوکاڵی و باخەکاندا هەن.

بەرێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان دەڵێت: لە سنورەکە گرفتی کەمی ئاوی ژێر زەویمان نیە، روباری سیروان لە کەلار و بەنداوی باوەشاسوار لە کفری، هۆکاری سەرەکی نەبونی ئەو گرفتەن.

ئەو بەڕێوبەرە ئاماژەی بەوەکرد بە بەردەوامی چاودێری بیرەکان دەکەن و پێوانەیان دەکەن، بەڵام هەرخۆی دانی بەوەدا نا ئەمساڵ بیرەکان پێوانە نەکراون بە هۆی نەبونی دەوامەوە.

هێمای بۆ ئەوەش کرد: سێ جۆر بیرمان هەیە لە گەرمیان: بیرێک هەیە تایبەتە بە پرۆژە، لەگەڵ بیری کشتوکاڵی و هەروەها بیری ئاوی خواردنەوەی ماڵان، کە کۆی گشتی ژمارەیان لە گەرمیان ١٧٣٥ بیرە کە مۆڵەتپێدراون.

لەبارەی ئەو بیرانەی کە بۆ ئاوی خواردنەوە بەکاردێن لە سنورەکە، لە قەزای کەلار سەروی ١٠٠ بیر و لە قەزای کفری ٤٩ بیر و لە ناحیەی رزگاریش سەروی ٦٠ بیر هەن.

| ژمارەی گشتی بیری ئیرتیوازی لە گەرمیان | دابەشبونیان بەسەر قەزاو ناحیەکان | ژمارەی بیر |
|---|---|---|
| ١٧٣٥ بیرە | قەزای کەلار | سەروی ١٠٠ بیر |
| | قەزای کفری | ٤٩ بیر |
| | ناحیەی رزگاری | سەروی ٦٠ بیر |

سەبارەت بە هەدەردانی ئاوی ژێر زەوی باسی لەوە کرد: بەرێژەیەکی زۆر ئاوی ژێر زەوی بەهەدەر دەچێت، بەتایبەت لە رێگەی ئاوەڕۆکانەوە کە دەتوانرێت سودی لێببینرێت بۆ کشتوکاڵ، بەڵام بە مەرجێک پاڵاوگەیەک هەبێت کە ئەو ئاوە بپاڵێوێت.

هاوکات لەگەڵ بونی بیری مۆڵەتپێدراو، ژمارەیەکی زۆر بیری نایاسایی لە سنوری گەرمیاندا هەیە و هیچ سزایەکیش بۆ هەڵکەندنی بیر دیاری نەکراوە.

حامد جومعە، بەرێوبەری ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دەڵێت: "ژمارەی بیری نایاسایی نازانرێت، بەڵام بەپێی ئەو خەملاندنەی کە کردومان (800 بۆ 900) بیری نایاسایی لە گەرمیان هەیە، تاوەکو ئێستا هیچ شتێک نەکراوە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە".

وتیشی: ئەو سزایەی کە هەیە لەبەرامبەر هەڵکەندنی بیر لە ئێستادا تەنها ئەوەیە دەست بەسەر ئەو ئامێرانە دەگیرێت کە کاری پێ دەکرێت، ئەگەرنا خاوەنەکەی سزا نادرێت، ئەو بیرە نایاساییانەی کە هەیە هی ساڵانی 2004 بە دواوەیە".

هێمای بۆ ئەوەش کرد: بەپێی ئاماری ساڵی 2019، لەو ساڵەدا دەست گیراوە بەسەر (13) ئامێری هەڵکەندنی بیر کە (4) ئامێریان رەوانەی سلێمانی کراوە وە (9) ئامێرەکەی تریش لە شارەوانی کەلارە.

## 6. نەبون و کەمی پاڵاوگەی ئاو

لە کەلار تەنها یەک پاڵاوگەی ئاو لە کاردایە و دانەیەکی تر کە کۆنە، سودی لێنابینرێت.

سامان رەحیم، بەرێوبەری ئاوی کەلار، وتی: "ئێستا کاری نۆژەنکردنەی تێدا دەکەین بۆ ماوەی دوساڵە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نۆژەنکردنەوەی لەسەر سولفەی مانگانەی فەرمانگەکەیە، ناتوانین بە خێرایی کاری تێدابکەین".

لە قەزای کفری هیچ پاڵاوگەیەکی ئاو بونی نیە.

حەمید رەشید، بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی کفری، ئاشکرای کرد: ئەو ئاوەی لە قەزای خورماتوەوە دێت لە پاڵاوگەی ئەو شارەوە دێت، بۆیە راستەوخۆ دابەش دەکرێت و کێشەی نیە.

ئاماژەی بەوەشکرد سەرچاوەی دوەمیان کە ئاوی بیرە، راستەوخۆ دەدرێت بەماڵان تەنها مادەی کلۆری بۆ زیاد دەکرێت.

## 7. ئاوی بیرەکان ناخرێنە پاڵاوگەوە

لە روی تەندروستیەوە نابێت ئاو راستەوخۆ لە بیرەوە بدرێت بە ماڵان، بەڵام هیچ بیرێکی کوردستان پاڵاوتنی بۆ ناکرێت و ناخرێتە خەزان و پرۆژەی پاڵاوتنی ئاوەوە، گەرمیانیش بەهەمان شێوە.

بەوتەی بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کەلار، بەتەنها بە بەکارهێنانی کلۆر پاکردنەوە دەکەن بۆ ئاو، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ نەبونی خەزان کەدەبێت هەر گەڕەکێک کاتێک بیری بۆ بەکار دەهێندرێت خەزانی تایبەتی هەبێت، بەڵام لە کەلار و شارەکانی دیکەی هەرێمیش نیە و دەرخستیەیان بۆ کردوە، بەڵام قەیرانی دارایی کراوەتە بیانو بۆ نەکردنی.

ئەمەش لەکاتێکدایە  لە ٤٠٪ گەرەکانی قەزای کەلار پشت بە ئاوی بیر دەبەسترێت.

ئەم رەوشە لە قەزای کفریش بەهەمانشێوە بونی هەیە.

بەڕێوبەری ئاوی شارەکە هێمای بەوەکرد کە راستەوخۆ مادەی پاککەرەوەی کلۆر دەکرێتە ئاوی بیرەکانەوە لەو کاتەی کە دابەش دەکرێن، هاوکات هیچ کۆگایەکی ئاو "خەزان" لە گەڕەکەکان و بۆ سەرچاوەی ئاوی بیرەکان نیە، هەروەک شارەکەش هیچ پاڵاوگەیەکی تێدا نیە.

لە ناحیە و گوندەکانیش هەمان رەوش دوبارە بوەتەوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان وتی: "تەنها لە ناحیەی ئاوە سپی پاڵاوگەیەکمان هەیە، ئەگەر نا لە هیچ ناحیە و گوندێک پاڵاوگەمان نیە".

نەبونی پاڵاوگە وادەکات ئەو ئاوەی بەرهەمدەهێنرێت، بەبێ چارەسەری زانستی گونجاو دابەش بکرێت و هاوڵاتیان بەکاری بهێنن، کە ئەمەش مەترسی تەندروستی و ژیانیی و ژینگەیی لێدەکەوێتەوە.

### سێیەم: پاکوخاوێنی و کوالێتی ئاو

#### 1. بۆچونی هاوڵاتیان لە بارەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان

بەشێک لە هاوڵاتیان ڕەزامەندن لەسەر ئەو بڕە ئاوەی کە ڕۆژانە بۆیان دابین دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە ڕون نیە لەلایان ئەوەیە نازانن تا چەند شیاوە بۆ خواردنەوە.

ئاسکە مەحمود، هاوڵاتی لە شاری کەلار، باس لەوە دەکات: "ئێمە ڕۆژانە کێشەی دابەشکردنی ئاومان نیە هەمو ڕۆژ ئاومان پێدەدرێت، کێشەکە ئەوەیە ئاوەکەمان پاک نیە و کلسی زۆرە، بەکاریشی دەهێنین بۆ خواردنەوە بەو هۆیەشەوە زۆربەمان نەخۆش کەوتوین".

لە قەزای کەلار، پشت بە دو سەرچاوەی ئاو دەبەسترێت، ئەوانیش: بیری ئیرتیوازی و ڕوباری سیروانە، کاتژمێرەکانی پێدانی ئاویش لە گەڕەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

سەرگوڵ خەلیل، دانیشتوی گەڕەکی گۆرانە، دەڵێت، ئاوەکەمان ئاوی سیروانە هەمو ڕۆژێک ئاومان پێدەدرێت و بۆ چەند سەعاتێک هەیە.

ئاماژە بەوەدەکات کە ئاوەکەیان پاک نیە و سەردانیی پزیشکیان کردوە وتویەتی ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە پیسە "ئەو ئاوەی دەدرێتە گەڕەکی ئێمە پاک نیە ڕەنگی لێڵە، هەندێکجار بۆنی دێت، سەردانی پزیشکمان کرد وتی ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە بۆتە هۆی نەخۆشی گورچیلەکانتان".

وتیشی: ئێمە فلیتەری بۆ بەکاردەهێنین، بەڵام ناچار نەبین نایخۆینەوە.

#### 2. هۆکارەکانی پیسکردنی ئاو لە گەرمیان

ئەو ئاوەی دەدرێت بە ماڵان لە سنوری گەرمیان دوای پشکنین گرفتی جۆراوجۆری لێ دەست نیشان کراوە، بە وتەی لێپرسراوی هۆبەی ئاو لە تاقیگەی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، زۆرترین هۆکاری نەشیاوی ئاو کە شیکاریان کردوە تێکەڵبونی ئاوەڕۆ و زێراب بوە لەگەڵ ئاوی ماڵان کە زۆرجار هاوڵاتی هۆکاری ئەو پیسکردنە بوە.

کازم عەلی، ورد تر لەسەر ئەمە دوا و وتی: "هەندێک ماڵ کە بۆڕیەکیان دەشکێت یان خۆیان تەرکی دەکەن و ئاوی دیکە رادەکێشن، دەبنە هۆکاری تێکەڵبونی ئاوی زێراب یان سەرچاوەی دیکەی پیسبونی ئاو، بە نمونە شیکاری ئاوی کۆڵانێکمان کردوە کە ئاوەکەیان نەشیاو بوە، بەڵام سەرچاوەکەی شیاو بوە، دەرکەوت لە بۆڕیەکانیان دا توشی پیسبون بوە".

هاوکات هۆکارەکانی دیکەی وابەستەکردن بەوەی هەندێکجار گرفت لە پاکنەکردنەوەی ئاو هەبوە بەهۆی بەکارنەهێنانی کلۆر یان سوێری ئاو، بەنمونە لە هێلان سیتی (گوندی ئەڵمانی) ئەم حاڵەتە هەبو لە بیرەکانیان و بەوهۆیەوە بیرەکە تەرک کراوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی پیسبونی ئاو، تێکەڵبونی ئاوەڕۆیە بە سەرچاوەکانی ئاو.

عەبدولموتەڵیب رەفعەت، لەوبارەوە وتی: دەبێت پاشەڕۆ پێش تێکەڵکردنی بە سەرچاوەی ئاو چارەسەربکرێت و مادە ژەهراوی و کارسینۆجینەکان (شێرپەنجەیی) تێیدا جیابکرێتەوە و دواتر تێکەڵ بکرێت، بەڵام ئەو سیستمە لە هەمو کوردستاندا نییە، بۆیە ئەمە کێشە و گرفتی زۆری بۆ هاوڵاتیان دروست کردوە لە روی کوالێتی ئاوەوە.

هاوکات هۆکارەکانی پیسبونی ئاوی لە سنورەکە گەڕاندوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە: هەندێک پارامیتەر شیکاری بۆ ناکرێت کاتێک دەڵێن ئەم ئاوە گونجاوە، چونکە لە کوردستاندا ناکرێت و ئامێرەکانی بەردەست نین وەکو رێژەی مادە پاککەرەوەکان کە هەمویان ژەهراوین، لەنمونەی: (تایت , سابون , زاهی.. و پاکەرەوەکانی تر کە بە رێژیەکی زۆر لە ماڵاندا بەکاردەهێنرێت) و لە رێگەی سیستمی ئاوەڕۆوە راستەوخۆ دەبرێتە نێو روبارەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد رێژەی (پاشماوەی پەینی کیمیاوی و دەرمانی قەڵاچۆکردن) کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نازانستی لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا بەکاردەهێنرێن و دواتر لە رێی ئاوی باران و لافاوەوە تێکەڵ بە روبارەکە دەبێت و رێژەی مادە کاربۆهیدراتیەکان (نەوت , بانزین , چەوری و .. هتد) کە بە شێوەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە سەرچاوەکانی ئاو دەکرێت لە رێگەی وەرگەڕانی بارهەڵگرەکانی گواستنەوەی سوتەمەنی یان لە رێگەی شوشتنی ئۆتۆمبیلەکان لە نێو لق و روبارەکان یا هەر رێگەیەکی تر.

وتیشی: زۆر گرنگە ئەو ماددانە شیکاریان بۆ بکرێت و رێژەکەی بزانرێت، چونکە ئەو ماددانە کێشە و گرفت بۆ کوالێتی ئاو و دواتر تەندروستی هاوڵاتیان دروست دەکەن.

وتیشی: ئەو مادانە کە ئاماژەم پێکرد بەهیچ شێوەیەک لە ئاودا شی نابنەوە (non-biodegradable) و هەر مادەیەکیش شی نەبێتەوە مەترسی زۆرە.

هەروەها بەکارهێنانی کلۆریش بە شێوەیەکی نازانستی بەیەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەژمێرێت.

## 3. کاریگەری کارگەکانی چەو و لم لەسەر پاکوخاوێنی ئاوی سنورەکە

لە گەرمیان لەبری ئەوەی ئاوی دیکە کە شیاونین بۆ خواردنەوە لە کارگە و ناوچەکانی پیشەسازی بەکاربهێندرێت، بەڵام هەمان ئەو ئاوەی کە بۆ خواردنەوە دەدرێت بە ماڵان بەو کارگانە دەدرێت و بەکاری دێنن بۆ کارەکەکانیان.

لە دەربەندیخانەوە بۆ کەلار نزیکەی 30 کارگەی چەولم هەیە کە زۆرینەی رەهایان لە روی زانستیەوە ئیش و کارەکانیان نا زانستی ودژی ژینگەن، ئەمەش بەوتەی هەریەکە لە بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان و بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان.

بەوتەی شارەزایانی ژینگە، هەندێک روەکی سروشتی لە نێو روبارەکەدا دروستدەبێت بەخۆڕسکی کە ئەرکیان پاککردنەوەی ئاوەکەیە، کارگەکان ئەو روەکانە لە ناودەبەن.

"ئەو کارگانە بونەتە هۆی زیادبونی رێژەی لێڵی ئاوی روبارەکە و زیادبونی رێژەی مادده رەقەکان. زۆربەی رۆژەکان رێژەی لێڵی ئاوی روبارەکە زیاترە لە (NTU 30) وهەندێکجاریش (NTU 70) تێپەر دەکات، لە کاتێکدا رێژە نۆرماڵەکەی دەبێت کەمتر بێت لە (NTU 5). ئەمەش کاریگەری زۆر خراپیان لە سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە بە تایبەتە هۆکاریکە بۆ توشبون بە نەخۆشیەکانی گورچیلە". (عەبدولمتەڵیب رەفعەت) وای وت.

ئەو مامۆستای زانکۆیە کە پسپۆڕە لە بەرێوبردنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو، کارگە و کانەکانی چەو و لم بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پیسبونی سەرچاوەی ئاوی کەلار دەزانێت.

## 4. لێکەوتە تەندروستیەکانی ناخاوێنی ئاو لەگەرمیان

پزیشکێک ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو ئاوەی لە گەرمیان دەدرێت بە هاوڵاتیان کێشەی تەندروستی بۆ دروستکردون بە تایبەتی بۆ گورچیلەکانیان.

د.ئاسۆ عیزەت، پسپۆری نەخۆشیەکانی گورچیلە و میزەڕۆ لە گەرمیان، دەڵێت: "رێژەیەکی زۆر نەخۆش سەردانی کردوم کە توشی نەخۆشی گورچیلە بون بە تایبەت رێژەی بەرد دروست بون لە گورچیلەدا زۆرە لە ناوچەکە، یەکێک

له هۆکارەکان بۆ دروستبونی بەرد خراپی ئەو ئاوەیە کە بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێت کە ڕێژەی خوێی زۆر بێت، نەخۆشیشم هەبوە باسی لە خراپی ئاوی خواردنەوەیان کردوە بە تایبەت شاری کەلار".

هاوکات (عەبدولمتەڵیب ڕەفعەت)، دەڵێت: "ئەو ئاوەی کە لە روباری سیروانەوە لە ریگەی پاڵاوگەی ئاوی کەلار (بەردەسور)ەوە دەدرێت بە هاوڵاتیان، لە روی کوالێتیەوە لە هەندێک تایبەتمەندی تاڕادەیەک گونجاوە، بەڵام پێویستە کاری زیاتری لە سەر بکرێت".

## 5. وەڵامی بەڕێوبەرانی فەرمانگەی ئاو لەبارەی نەشیاوی ئاوی خواردنەوەوە

سەربارى ئەم پێدراوانە، بەڵام بەڕێوبەرانی فەرمانگەکانی ئاو لە گەرمیان، سورن لەسەر ئەوەی ئاوی ناوچەکەیان کە دابەشی دەکەن، شیاو و بێ کێشەیە.

سامان رەحیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی کەلار، دەڵێت: "ئەو ئاوەی رۆژانە دەدرێت بە هاوڵاتیان چەند جارێک شیکاری بۆ دەکرێت لە هۆبەی تاقیگەی تایبەت بە ئاو لە فەرمانگەکەمان، ئەگەر ئاوێک بزانین نەشیاوە بەدڵنیایەوە دابەشی ناکەین، بەڵام هاوڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە کە ئاوەکە دوای پشکنین و دڵنیایی پێیان دەدرێت".

باسیلەوەشکرد: پێش پاڵاوتنی ئاوی سیراون لە رێگەی حەوزێکی گەورەوە کە بە تەنیشت روباری سیروانەوەیە ئاوەکە فیلتەر دەکرێت.

بە وتەی سامان رەحیم، قەزای کەلار تاکە شارە لە کوردستان رۆژانە ئاو بدرێت بە ماڵان و کەمترین ماوەش زیاترە لە کاتژمێرێک.

لە قەزای کفریش، بەوتەی بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزاکە، پشکنینی بەردەوام بۆ ئاو دەکرێت.

حەمید رەشید، وتی: "زۆرجار ئاوەکان بە نەشیاو ئەنجامەکەیان هاتۆتەوە بەهۆی بەرزی رێژەی کلس لە ئاوەکەدا، بەڵام بەهۆی پەسەند نەکردنی پرۆژەکان کە بۆ سەروی خۆمانمان ناردوە ئەو کێشانە چارەسەر نەکراوەن".

دەشڵێت: رۆژانە لیژنەی تایبەتمان هەیە دەگەڕێن و نمونەی ئاو وەردەگرن و دەیبەن بۆ تاقیگەی بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان.

لە بارەی شیاوی ئەو ئاوەی لە قەزای دوزخورماتووەوەدێت بۆ کفری، حەمید رەشید، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری، وتی: "خۆم چومەتە سەر پاڵاوگەکە لە قەزای دوزخورماتو، دڵنیایی بە هاوڵاتیان دەدەین کە ئەو ئاوە خاوێنە و پاککردنەوەی بۆ دەکرێت ئەوکات دەنێردرێت بۆ قەزای کفری".

بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان دەڵێت بۆ دڵنیابونەوەی ئەو ئاوەی کە لە ناحیە و گوندەکان بەکاردەهێنرێت، پشکنیان بۆ دەکرێت.

نەوزاد حەمید، وتی: بە بەردەوامی پشکنین بۆ ئاوەکان دەکەین لە تاقیگەی تایبەتی خۆمان، لەگەڵ ئەوەش مادەی کلۆریان بۆ دابین ئەکەین بە بەردەوامی بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن".

## 6. "سەرجەم ئەو ئاوانەی پشکنینی بۆ کراوە شیاو بوە"

بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی گەرمیان وەک دەزگایەکی چاودێر بەدواداچون بۆ پاکی ئەو ئاوانە دەکات کە بەسەر دانیشتوانی گەرمیاندا دابەشدەکرێت و ئەوان دەڵێن: تائێستا کۆی پشکنینەکانیان پاک بوە.

کامەران محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وتی: "بە بەردەوامی لە سەرجەم ناوچەکانی گەرمیان پشکنین بۆ ئەو ئاوەی کە دابەش دەکرێت بەسەر ماڵاندا ئەنجام دەدەین، تاوەکو ئێستا نەبوە سەرچاوەیەکی ئاویمان شیاو نەبێت".

وتیشی: بە بەردەوامی تیمەکانمان دەرچونیان هەیە و نمونە وەردەگرن.

## 7. "ئاوی گەرمیان پێوانە ستانداردەکانی تێنەپەڕاندوە"

پێکهاتەی ئاو لە روی کیمیایی و فیزیاییەوە چەند پێوەرێکی ستانداردی هەیە، لە روی فیزیایەوە ئاوی پاکژ دەبێت بێڕەنگ، بێبۆن و بێتام بێت، بەپێی ئەم خەسڵەتانە دەتوانرێت لە روی فیزیایەوە بەوە ئاوە بوترێت شیاو یاخود نەشیاو.

لە روی کیمیاییەوە ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و ستانداردی عێراقی بۆ پێکهاتە کیمیایە تواوەکان لە ئاودا (TDS) بەکاردەهێندرێت بۆ ئەوەی ئاوێک بە شیاو بزانرێت.

بۆ شیکاری کیمیای ئاو لە تەواوی عێراق ئامێری پێشکەوتو نیە کە شیکاری بکات بۆ تەواوی پێکهاتەکانی، بەڵام بۆ چەند پێکهاتەیەکی تواوە شیکار دەکرێت، بە نمونە: رێژەی کالیسیۆم، گۆگرد، ئاسن، زینک و... هتد.

کازم عەلی، لێپرسراوی هۆبەی ئاو لە تاقیگەی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، لە بارەی پشکنینیەکانیان لە گەرمیان کە پشکنینی بەکترۆلۆجی و هەندێک لە پێکهاتە کیمیایەکان دەکەن، وتی: "ئاوی گەرمیان پێکاتەکەی بەگشتی ستاندارده".

## چوارەم: هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەری کێشەی ئاو

### 1. ئەو پرۆژانەی خراونەتەڕو بۆ دابینکردنی ئاوی پاکژ لە قەزای کفری

لە بارەی سوێری ئاوی قەزاکە و پلانەکانیان بۆ دابینکردنی ئاوی شیرین بۆ دانیشتوانی کفری، حەمید رەشید، ئاماژە بەوەدەکات دەرخستەیان کردوە بۆ پرۆژەیەکی ئاو لەسەر بەنداوی باوەشاسوار کە ئەو ئاوە دوای پاڵاوتن دابەشبکرێت بەسەر ماڵاندا، بەڵام وەڵامنەدراونەتەوە.

بە وتەی لێپرسراوی فەرمانگەی ئاو لە قەزای کفری ئەگەر ئەو پرۆژەیە واژۆی لەسەر بکرێت لەگەڵ ئەو ئاوەی لە قەزای دوزخورماتوە دێت، دەتوانن تاڕادەیەکی باش ئاوی شیرین بۆ دانیشتوانی کفری دابین بکەن.

"دابیکردنی ئاوی شیرین لە رێگەی کەناڵێکەوە لە روباری سیروان"، یەکێکی ترە لەو پرۆژانەی کە بە وتەی بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری بەنوسراو ئاراستەی سەروی خۆیان کردوە. وەک ئاماژەی پێدا ئەو پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٤ بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کاری لەسەر نەکراوە، پرۆژەکەش بە شێوەیەک بوە کە لە روباری سیراون بە کەناڵی تایبەت ئاو بۆ قەزاکانی کەلار و کفری، ناحیەکانی رزگاری و جەبارە دابین بکرێت.

لە کەلاریش وەک بەڕێوبەری ئاوی قەزاکە ئاماژەی بۆ کرد، دەرخستە کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەکان و تۆڕەکانی ئاو، بۆ ئەوەی چیتر پشت بە بیر نەبەسترێت، بەڵام ئەم کارە بەهۆی نەبونی بودجەی پێویستەوە ئەنجام نەدراوە.

هەمان پلانی پشتکردنە ئاوی ژێر زەوی و بەکارهێنانی ئاوی سەر زەوی، بۆ ناحیە و گوندەکانیش هەبوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی لێ نەچوەتە پێشەوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، جەختی لەوەکردەوە: پلانمان هەیە روباری سیروان بکەین بە سەرچاوەی یەکەمی ئاو بۆ هەمو گەرمیان، بەڵام ئەم کارە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە و تاوەکو ئێستا هەنگاوی جیدی بۆ نەنراوە.

## 2. پاکژکردنەوەی ئاو

وەک بەرپرسانی کەرتی ئاو ئاماژەی بۆ دەکەن، بەردەوام هەوڵ دەدرێت لە رێگەی ئاوێتەکردنی مادەی پاکژکەرەوە بە ئاوەکان، ئەو مەترسی و پیسی و نەشیاویە نەهێڵن کە لە ئاوەکەدا بونی هەیە، لەم پرۆسەیەشدا بە زۆری پشت بە بەکارهێنانی مادەی (کلۆر) دەبەسترێت.

لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڕی 5 ملیار بۆ هەمو پرۆژەکانی ئاو دابین کراوە بۆ کڕینی کلۆری پاودەر، لەو بڕە بودجەیەش بەشی گەرمیان دابین کراوە.

نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، وتی: "مادەکانی پاککەرەوەی ئەو ئاوەی کە بۆ ماڵان دابین دەکرێت چ لە بیرە ئیرتیوازیەکان و چ لە روباری سیروانیش خۆمان دەیکڕین و بودجەی تایبەت بەوە دابین کراوە، جگە لە (کلۆری پاودەر) هیچ مادەیەکی تر نیە تایبەت بە پاککردنەوەی ئەو ئاوە".

دەشڵێت: سودی ئەو کلۆرە ئەوەیە هەمو مادە و بەکتریا زیانبەخشەکانی ناو ئەو ئاوە لە ناو دەبات، بەپێی پێویستیش بەکاری دەهێنین.

## پێنجەم: پێوەری ئاو

### 1. دانانی پێوەری ماڵان چۆن دەستی پێکرد

ستافەکانی بەستن و فرۆشتنی پێوەری ئاو لە گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە دەستیان بە کارکردن کرد، ئەوان باس لەوەدەکەن سەرەتا کارەکەیان زۆر بە باشی بەڕێوەچوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و نەبونی پلان لەلایەن حکومەتەوە، وایکرد کارەکە پاشەکشە بکات.

جەوهەر محەمەد، بەرپرسی  پێشوی ستافی کۆمپانیای (سەقەر)، کە نوێنەری کۆمپانیای جنون بون بۆ بەستنی پێوەری ئاو، وتی:" پێوەرەکان دروستکراوی وڵاتی جیابون کە سێ وڵات بون رێگەپێدانیان بۆ کرابو، ئێمە بە زۆری ئیتاڵیەکەمان لە گەرمیان بەست کە نرخی ٤٦ هەزار دینار بو، ئەڵمانیەکە نرخی ٤٠ هەزار دینار بو و تورکیەکەش نرخی ٤١ هەزار دینار بو".

بە وتەی ئەو لە ساڵی ٢٠١٦ بەتەنها لە ستافەکەی ئەوان نزیکەی ١٣ هەزار پێوەریان بۆ ماڵان بەستوە.

دوای ئەوەی بەستنی پێوەر کارەکانی گرفتی تێکەوت کارکردن تێیدا کەوتە ساڵی ٢٠١٩ واتە دوای سێ ساڵ دوبارە ئەم پرسە وروژێندرایەوە.

## 2. رێژەی بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان لە سنوری گەرمیان

| قەزا/ناحیە | قەزای کەلار | قەزای کفری | ناحیەی رزگاری | ناحیەی باوەنور | ناحیەی سەرقەڵا | ناحیەی شێخ تەویل | ناحیەی قۆرەتو | ناحیەی کۆکس | ناحیەی نەوجول | ناحیەی مەیدان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رێژەی بەستنی پێوەر | ٪٤٠ | ٪٥٠ | ٪٣٠ | ٪٠،١ | ٪١٠٠ | ٪١ | ٪ . | ٪٤٠ | ٪٢ | ٪٤٠ |

## 3. نیگەرانی هاوڵاتیان لە پێوەری ئاو

سەرباری بڕیاری حکومەت بۆ بەستنی پێوەری ئاو، بەڵام زۆرێک لە هاوڵاتیان پێوەی پابەند نەبون.

ئاسکە، کە هاوڵاتیەکی دانشتوی قەزای کەلارە، دەڵێت: پێوەری ئاومان دانەناوە، چونکە لە بری ئەوەی سودی هەبێت زیانی هەبو بۆمان و کێشەی تێدا بو، لەگەل ئەوەش پارەیەکی زۆرمان بۆ دەهاتەوە.

"لە گەڕەکی ئێمە بە کۆی دەنگ پێوەرمان وەرنەگرتوە، چەند جارێک کۆمپانیا هات وەرمان نەگرتوە و وەریشی ناگرین، لەگەڵ دانانی نین". محەمەد کامەران، دانیشتوی قەزای کەلار، وادەڵێت.

سەبارەت بە کاتژمێرەکانی پێدانی ئاو و بەستنی پێوەر، شەنگە سابیر، وتی: "پێوەرمان هەیە، بەڵام دامان نەناوە بۆ ئاوەکە، بەگشتی ئاوەکە بۆ کاری رۆژانەمان زۆرباشە".

بەهەمانشێوەی ناوچەکانی تری گەرمیان، لە ناحیەی باوەنور، بەهۆی گرفتی ئاوەو وەکخۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، بایکۆتی پێوەری ئاویان کردوە و نەیان بەستوە.

یەکێک لەو گرفتانەی زۆر قسەوباسی بەدوای خۆیدا هێنا لەلایەن هاوڵاتیانەوە، خوێندنەوەی هەوا بو لە پێوەرەکان و هاتنەوەی پارەیەکی زۆر بو بۆ چەندین ماڵ.

جەوهەر محەمەد، کە ئێستا نوێنەری کۆمپانیای (گودوەین)ە بۆ بەستنی پێوەری ئاو، وەڵامی گرفتەکەی بەوە دایەوە کە گرفت لە ئامێرەکەدا نەبوە، چونکە ئەمە لە چەند وڵات کاری پێ دەکرێت و گرفتی نیە، بەڵکو گرفتەکە لە سیستەمی ئاوی گەرمیان و کوردستان بوە "سیستەمی ئاوی هەرێم ٢٤ کاتژمێری نیە، بۆیە لەکاتی هاتنی ئاو دا، هەوا لە ناو بۆڕیەکان دروست دەبێت، بەوهۆیەشەوە ئامێرەکە دەیخوێنێتەوە، ئەگەر سیستەمی ئاو بگۆڕن هیچ گرفتێکی نیە".

لەبارەی زۆری هاتنەوەی پارەی ئاوی ماڵان بەهۆی پێوەرەکەوە، وتی: "ستافی خوێندنەوەی پێوەر کۆمپانیایەک کاری تێداکرد کە هیچ هەماهەنگیەکی نەبو لە گەڵ ئێمە، ئەمەش بەهۆی بێپلانی حکومەتەوە بو، دەبوایە بەرنامەڕێژی بۆ ئەمە بکرایە پێکەوە هاوکار بوایەین، بەڵام ئەمە روی نەدەدا، چونکە هەڵە لە خوێندنەوەکەیدا دەکرا لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیان خۆیان دەستکاری پێوەرەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی پارەی کەمتریان بۆ بێتەوە".

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەكان

### یەكەم: دەرەنجام

1. زۆرینەی سەرچاوەی ئاوی بەكارهاتو لە گەرمیان، ئاوی ژێرزەوییە، بەشێوەیەک ڕێژەكە بە نزیككراوەیی دەگاتە (90%)، ئەمەش لەكاتێكدایە ناوچەكە دەوڵەمەندە بە ئاوی سەرزەوی و دەتوانرێت پشت بەو ئاوە ببەسترێت بۆ دابینكردنی ئاوی زۆرینەی دانیشتوان.

2. بەهەدەردانێكی زۆر هەیە لە ئاو، چ ئاوی سەرزەوی و چ ژێرزەوی، بەتایبەتی ئاوی ژێرزەوی لە ڕێگەی لێدانی بیری نایاساییەوە زۆر بەفیڕۆ دەدرێت. ئەوەی مایەی تێبینیشە كە ڕێوشوێنەكانی حكومەت بۆ بەرگرتن بەم حاڵەتە لاوازە، بەتایبەتی لەروی لێپێچینەوەكردن لە سەرپێچییكاران.

3. ئاوی سنوی گەرمیان كێشەی زۆری هەیە لە زۆر رووەوە، چ لە روی بونیادی تۆڕ و دەزگای تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئاوی پاک، چ لە ڕێگەی گەیاندنی ئاوی پاكژ و تەندروست بە هاوڵاتیان. بۆنمونە: لە هەمو سنوری گەرمیان تەنها دو پاڵاوگە هەیە (یەكێک لە قەزای كەلار و یەكێک لە ناحیەی ئاوەسپی)، تۆڕی ئاوی زۆربەی ناوچەكان كۆنن یان خراپ بون و پێویستیان بە نۆژەنكردنەوە هەیە.

4. كێشەكانی: (پاكژنەبون و سوێریی) لە دو دیارترین كێشەكانی ئاون لە سنوری گەرمیان، سەرباری ئەوەی هەوڵ لەپێناو چارەكردنیان دراوە، بەڵام هەوڵەكان ریشەیی نەبون و تەنها چارەسەركاریی كاتیی بون.

5. دەزگاكانی بەڕێوبردنی كەرتی ئاو كێشەیان لە كەمی داتای ورد و دروست هەیە لە بوارەكە، روپێویی گشتگیر و بەدواداچونی ورد لەمڕووەوە نەكراوە بۆ ئەوەی بزانرێت بە دروستی چەند ئاو لە گەرمیان بەرهەم دەهێنرێت و چەندی خەرج دەكرێت و چەندیشی بە فیڕۆ دەدرێت و ...هتد.

6. ئاوی سنورەكە بەپێی پێویست چارەسەری زانستی ناكرێت پێش ئەوەی بدرێت بە هاوڵاتیان، بەتایبەتی ئەو ئاوانەی لە بیرە ئیرتیوازیەكانەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەمەش وادەكات لێكەوتەی زۆری تەندروستی بۆ هاوڵاتیان هەبێت.

7. كەمئاویی یان نەبونی ئاوی پێویست لە سنورەكە، بەگشتی كێشەیەكی گەورە نیە، كەم رۆژ هەیە ئاو بە ماڵان نەدرێت بە رێژەی پێویست، ئەو شوێنانەشی كێشەیان هەیە بە ڕێگای دیكە هەوڵی گەیاندنی ئاویان پێدراوە.

8. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد نەکراوە لەلایەن حکومەتەوە لەبارەی کێشەکانی ئاوی سنورەکە بەتایبەتی لە روی پاکوخاوێنی و شیاوییەوە، لەم روەوە حکومەت کەمتەرخەمی نواندوە.

هەروەک لەروی لێپێچینەوە کردنیشەوە لەو کارانەی کە دەبنە هۆی پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو و هەروەها بەهەدەردانی، حکومەت لاواز و سست بوە.

9. ئاوی سنورەکە بەبەردەوام پشکنینی بۆ دەکرێت، چ لە دەزگاکانی ئاو، چ لە دەزگاکانی دیکەی وەکو بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی، بەڵام بەوتەی شارەزایان، هەندێک جۆری دیکەی پشکنین بۆ ئاوی سنورەکە پێویستە، کە هەندێک لەوانە بەهۆی نەبونی ئامێر و تاقیگەی گونجاو و پێویستەوە، ناتوانرێت ئەنجام بدرێن.

10. پرۆسەی دانانی پێوەری ئاو لە سنورەکەدا پڕ کێشەیە و زۆر بە هەند وەرنەگیراوە و کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە و بەشێکیشی بەو قەیران و کێشە داراییانەی لەماوەی دانانی پێوەرەکەدا روبەڕوی هەرێم بوەتەوە. بەگشتی دانانی پێوەرەکە لە باشترین حاڵەتی دا کەمترە لە نیوە.

11. زیاتر لە هەر شوێنێک، ناحیەی باوەنور کێشەی لە ئاوی خواردنەوەی دا هەیە، ئەویش بەهۆی پیسی و نەشیاویی ئاوەکە، چارەسەری ئەمەش بە ئەنجامدانی پرۆژەی تایبەت دەکرێت کە حکومەت لە رابردودا بەتەنگیەوە نەهاتوە و لەئێستاشدا بە بیانو و کاریگەریی قەیرانی دارایی خۆی لێ بواردوە.

## دوەم: راسپاردەکان

1. لەکاتێکدا سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی لەگەرمیاندا زۆر و دەوڵەمەندە، بەڵام وەکپێویست پشتی پێنابەسترێت و تائێستا زۆرینەی رەهای ناوچەکە پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت، لەکاتێکدا روباری سیروان لە سنورەکەدا هەیە لەگەڵ چەندین چەم و پەلی تری ئاو، ئەمە سەرباری بونی بەنداوی باوەشاسوار کە هیچ بۆ کەرتی ئاوی سنورەکە سودی لێنەبینراوە. حکومەت دەبێت لەم روەوە پێداچونەوە بە هەنگاو و پلانەکانی دا بکات و قۆستنەوەی ئەم سەرچاوە ئاوییانەی سەر زەویی، بخاتە پێشینەی کارەکانیەوە.

2. دەبێت حکومەت بە پلان و هەنگاو بەهەنگاو، پشت بەستن بە ئاوی ژێرزەوی کەم و سنوردار بکاتەوە، ئاوی ژێرزەوی سامانێکە کە بە هەستیارییەوە بەکاردەهێنرێت و مافی ئەم نەوەیە نیە بەو رادە زۆرە بەکاری بهێنێت.

بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە چ تۆڕی ئاو، چ کۆگای ئاو و هەروەها پاڵاوگەی ئاو لە ناوچەکان دروست بکرێن و بەهێز بکرێن، بە سودبینین لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی.

3. حکومەت دەبێت ڕێوشوێنی توند لەبەرامبەر بەفیڕۆدان و زۆر بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بگرێتەبەر، بەتایبەتی لەگەڵ بیرە ئیرتیوازییە کەسییەکان، بەشێوەیەک کە پێوەریان بۆ دابنێت و ستاندارد و نرخێک بۆ بەکارهێنانیان دابنێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەفیڕۆچون و زیاد بەکارهێنانی ئاو بگرێت.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێت ئیجرائاتەکانی لەگەڵ بیرە نایاساییەکان دا توند بکاتەوە و لێپرسینەوەی یاسایی پێویست بکات.

هاوکات دەشبێت پارلەمان و حکومەتی هەرێم بە دەرکردنی یاسا و بڕیاری پێویست هەوڵ بۆ توندکردنەوەی لێپرسینەوەکان بدەن لەو سەرپێچیانەی لە کەرتی ئاو و بەتایبەتی لە بە فیڕۆدانی ئاودا دەکرێن.

4. حکومەت دەبێت دابەشکردنی ئاوی بیر بەسەر ماڵان ڕێکبخاتەوە، بەشێوەیەک ئاوەکە کۆگا بکرێت و پاش پشکنین و هەروەها تێکردنی دەرمانی پێویستی پاکژکردنەوە، ئەوکات دابەشی بکات، نەک بەوشێوەیەی کە ئێستا هەیە و ڕاستەوخۆ لە بیرەوە دەدرێت بە ماڵان. ئەمەش بەهۆی دڵنیانەبون لە شیاویی و پاکوخاوێنی ئاوەکە.

5. بونی پاڵاوگە لە سنورەکەدا زۆر گرنگە، دەبێت بەشێکی زۆری هەوڵەکان بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەکان بێت، چونکە هەر لە ڕێگەی ئەم پاڵاوگانەوە دەتوانرێت ڕادەی پشتبەستن بە سەرچاوەی ئاوی بیر کەمبکرێتەوە.

6. دەبێت هاوشانی گرنگیدان بە بەرهەمهێنانی ئاو، گرنگیی بە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو ئاوەش بە ماڵان بدرێت، لەمڕووەشەوە نۆژەنکردنەوە و گۆڕینی تۆڕی ئاوی سنورەکە پێویستە.

7. پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕوپێویەکی ورد و گشتگیر بکەن لەبارەی کەرتی ئاو، بەوەی چەند ئاو بەرهەمدەهێنرێت و چەند خەرج دەکرێت و لەچیدا بەفیڕۆدان هەیە و لەکوێدا کێشەی کەمئاویی هەیە. بونی داتا زۆر گرنگە بۆ دانانی پلان و ستراتیژیەتی ئەم کەرتە بۆ داهاتو.

8. ئەنجامدانی پشکنینی بەردەوام بۆ سەرچاوەی ئاوەکان کارێکی گرنگە کە دەکرێت، بەڵام پێویستە پشکنینەکان زیاتر بکرێن و هەوڵبدرێت لە تاقیگەی دیکەش بەشێوەیەکی خولیی ئەو پشکنینانە ئەنجام بدرێن، ئەمە سەرباری ئەوەی بەشێوەی وەرزی یان ساڵانە پشکنین بۆ پێکهاتەی ئاوەکان بکرێت لە تاقیگەی ورد و پێشکەوتو، چونکە پێدراوە تەندروستیەکان لەبارەی کاریگەری سەرچاوەکانی ئاو لەسەر تەندروستی هاوڵاتیانی سنورەکە، نیگەرانکەرن.

9. دەبێت حکومەت سود لە پسپۆڕان و ناوەندە زانستیەکان ببینێت، چ لە روی چارەسەرکردنی کێشەکان، چ لەروی دانانی پلانی پێویست بۆ ئەم کەرتە لەداهاتودا، بەتایبەتی زانکۆ و ناوەندە زانستیەکان، بۆ ئەوەی کارەکان بە ستاندارد و پێوانەی زانستی و گونجاو ئەنجام بدرێن.

10. دانانی پێوەر هەنگاوێکی باشە بۆ سنوردارکردنی ئەو بەهەدەردانە بەرچاوەی کە هەیە لە سامانی ئاو دا، بەڵام پرۆسەکە بەمشێوەیەی ئێستا زۆر ئومێدی لەسەر هەڵناچنرێت، بۆیە دەبێت حکومەت پێداچونەوە بەو پرۆسەیەدا بکات و کێشە و "بێسەروبەرەییەکەی" چارە بکات و بەرنامەی گونجاوتر دابنێت کە هەڵەکانی پێشو دوبارە نەبێتەوە.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### 1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی 99.9 FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

yakaychawderigarmyan@gmail.com Radiodeng@yahoo.com

www.radiodang.org